## ئەی چەواشەكردن جۆنە ... ریبین سەباح

پاش ئەوەی نامەكەتم خویندەوە ئەوجا بە تەواوی تیگەیشتم كە جەنابت جەواشەكاری با ئەو برادەرانەی نامەكانمان دەخویننەوە با ئەوان حوكم بدەن بە راستی جیگای پیكەنینە كە دەلییت حكومەت بۆیە 100 هەزار دینارەكەی دا لە ترسی فەرمانبەران دای نەوەك و خۆپیشاندان بكەن توخوا خەلكینە بەس پیم بلین ئەدی جەواشەكردن جۆنە كاكە گیان فەرمانبەر ئەگەر مووجەی مانگانەی نەدریتی بۆی هەیە خۆپیشاندان بكات نە بە دانی دیاری جونكە جەژنانە بریتیە لەدیاری. دەلیت بۆجی ئەندامی پەرلەمان مووجەی زۆرە كاكە لە هەموو دنیا بپرسە ئایا دەبیت مووجەی پەرلەمانتار جەندە لە دەولەتان خانووشیان دەدریتی لەگەل باشترین ئۆتۆمۆبیل وباشترین گارد وە ئەمە شتیكی سەیر نیە وە ئەگەر حزبەكەی جەنابیشت نوینەریەری هەبا وات نەدەوت وە ئیمە جی بكەین كە حزبەكەی جەنابت جەماوەرتان نیەو تەنیا یەك كورسیش بە دەست ناهینن ئەوجا لە داخان هیرش دەبەنە سەر ئەو وئەم كاكە ئەوانەی تۆ بەوەی تۆمەتباریان دەكەی كە خەوتوون ئەوانە نوینەری گەلن و خەلك لە سندوقی دەنگدان هەلیان بژاردوون، یان دەلییی جادەی هەولیر باش نیە ئەری تۆ ناو بازار نابینی یان برۆ سەر لە گەرەكی ئازادی یان گەرەكی كوران كە دەلیی هەژارن كە هەموو كۆلانەكان بووژەندەكرینەوە بەلی هەموو شتەكان 100% نیە هەندیك كەم و كوری هەیە بەلام هەموو كەسیك لە هەولیر ئاماژە بە كارەكانی نەوزاد هادی دەكات جی بۆ هەولیر كردووە و جی دەكلت.

دەلیی خەلك مندالی هەژارن و پارەیان نیە كەلوپەلی جەژن بكرن دەلیم ئیمە لەسالی 2005 نەك سالی 1995 وا بزانم ئیش و كار ئەوەندە زۆرە زۆر بە زەحمەت كریكاریكت دەست دەكەویت وە خەلكی هەولیریش خیرخوازی زۆرە. وە كە دەلیی نرخی كەلوپەل گرانە كاكە ئیمە لە بازاری ئازادایـن و وە لەبەر ئەوەی ژیرخانی ئابوری عیراق لە ژیر سفرە حكوومەت بە هیج جوریك ناتوانیت نرخ لەسر كالا دانیت جونكە ئەو كاتە دەتوانیت كە كەلوپەلەكان نرخیان لەسەر دابنیت كە لە ژیر دەستی خۆی بیت بەلام هەموومان دەزانین كە هەموو شتیك لە دەرەوە دیت بۆ كوردستان.

وە دەتوانم سویندت بۆ بخۆم كو من لە هیج حزبیك ئەندام نیم بەلام شانازی بە حكومەتی كوردی دەكەم و بەرگریشی لی دەكەم تا لە ژیان مابم بەلام ئەوجا ج پارتی بیت و ج یەكیەتی هەردوكیان بۆ پیش بردنی كوردستان دەكەن لە هەموو بوارەكان وە پیشوازی كردنی سەرۆك بۆش لە سەرۆكی كوردستان باشترین نموونەیە كە ئەو دوو حیزبە رۆلی كوردستانیان گەیاندووتە كوی كە بۆتە ئەوەی وا لە دوژمنانی كورد بكەن كە بەخۆیان دا بجنەوە تیروانینی خۆیان بەرامبەر كورد بگورن.